مستەفای هیجری و دیالۆگێک لەمەڕ پرسە چارەنوسسازەکان

- لەساڵی ١٩٤٥ لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە.
- بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەزمان و ئەدەبیاتی فارسی لەزانکۆی تاران وەرگرتووە.
- لە ساڵی ١٩٧٩ ەوە دەستی داوەتە کاری سیاسی.
- سەدان وتاری سیاسی لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی حزبدا نوسیوە.
- لەکۆنگرەی (١٣)دا بۆتە سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستان.

ئایدۆلۆژیە لەسەر بنەمای مەزهەبی شیعەی ولایت فەقی دامەزراوە، ئاڵوگۆڕ لەو حکومەتەدا بەمانای نەمانی ئەو حکومەتەیە، هەموو بەهاکانی ئەو حکومەتە، ئەو بەهایانەن کەئاین پێی داوە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دنیای ئەمڕۆ، بۆ دیموکراسی، بۆ ئازادی، هیچ رێگا چارەیەکی نیە، بۆئەوەی کەبیدات بەخەڵک کە لەگەڵ ویستو داخوازی ئەمڕۆی سەردەم هەماهەنگ بێ، ئەوەی کەهەیەتی ئاینەکەیەتی، ئەوەی کە بۆ خۆیان دەڵێن هەناردنی ئاینی شۆڕشی ئیسلامیە بۆ دەرەوە، دەست تێوەردان لەکاروباری وڵاتانی دەرەوە بەمەبەستی بەهێزکردنی حکومەتەکانی لایەنگری خۆیان، بۆیە ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایەت ئەوە شتێکی قەتعیە، ئەگەر ماوەیەکی زۆریش ئەوروپاییەکان چاویان بڕیبوە ئەوەی کە ئێران ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ پێم وابێ ئێستا بەو ئەنجامە گەشتوون، ئەو ماوەیە بەهیچ ئاکامێکی نەگەیاندن، بۆیە تەنها رێگا چارەیەک کەدەمێنێتەوە بۆ ئەمریکاو بۆ غەرب ئەگەر بیەوێ کۆماری ئیسلامی ئێران ئاڵوگۆڕی تیادا پێک بێ، تەنها روخاندنی کۆماری ئیسلامییە، روخاندنی کۆماری ئیسلامیش، ئیلزامەن بەو مانایە نیە وەکو ئەوەی کە لەئەفغانستان کردیان لەعێراق کردیان، هێزیان دابەزاند بەپێی ئەوەی خەڵکی ئێران لەنێو خۆدا ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزە، بەڵام بەداخەوە ئۆرگانیزە نەکراوە، یارمەتی دانانی هێزەکانی دیموکراتو بڵێن ماف خوازی ئێرانی بۆ خۆی دەتوانێ حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بڕوخێنێ،

چاودێر: روخان قسەیەکی جوانە، جوامێرانەیە، ...

بەدوای هێرشی ئەمریکا بۆ سەر حکومەتی سەدام و دوارۆژانی ئەو رژێمە، لەکۆبونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی دا هەڵوێستمان وەرگرن، رامان گەیاند کە پێشوازی دەکەین لەو پرۆسەیە، خۆمان بە بەشێک لەو پرۆسەیە دەزانین، ئەوەندەی کە لەدەستمان دێ پشتیوانی لێ دەکەین، لەو دەمەوە تاکو ئێستا لەقسەکانی بەرپرسانماندا، لەپەیوەندیەکانمان، لەگەڵ ئەمریکیەکان، لەگەڵ ئەوروپاییەکان ئەو بیروباوەڕەی خۆمان لەگەڵ ئەوان باس کردووە، رامانگەیاندوە کەئێمە بەشێکین لەو پرۆسەیە

من پێم وایە لەم بارودۆخەی ئەمڕۆی ئێرانیشدا کاتێک کەوڵاتێکی وەکو ئەمریکا، یا ئەوروپاییەکان، ئیقدام نەکەن، بۆئەوەی کەهێزی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی یەکبگرێ ئەو هێزە یەکگرتوو نابێ، ئەوە پێویستی بەئیمکانات هەیە، پێویستی بەتوانا هەیە، بۆ نمونە سەیری بکە لەوڵاتێکی وەکو ئێراندا حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بەدەیان کەناڵی راگەیاندنی TV جیهانی هەیە، بێجگە لە TV ناوخۆو رۆژنامەو رادیۆکان، بەڵام هێزی ئۆپۆزسیۆن مەبەستم کە دەڵێم هێزی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیە تۆ یەک کەناڵی TV نابینی بتوانێ دەنگی خۆی بەخەڵکی ئێران رابگەیەنێ



من پێم وابێ بۆچونی خەڵکی باڵادەست، یان حزبەکانی نەتەوەی باڵادەست بەوشێوەیە بێ، هەڵبەتە بەمەعنای نەکوڵانە، یانی رێگا چارەت بۆ ناهێڵنەوە ئێستا هەر لەو کۆنگرەیەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، کەئەرزم کردی، لە لەندەن پێکمان هێنا. چەند هێزی تورک، چەند هێزی عەرەب هەبوون ئەوان بەئاشکرا رایانگەیاند ئێمە لەگەڵ فدیراڵی نین، ئێمە دەمانەوێ لەگەڵ ئێران جودابین، ئێمە هەر خۆمان بەئێرانی نازانین، چی ئەوانەی والێکردووە، ئەو بێزاریە لەنەتەوەی باڵادەست وای لێکردووە

چاودێر: لەگەڵ کێ وکێ؟

مستەفا هیجری: لەگەڵ دوو حزبی تورکمان، حزبێکی عەرەب، حزبێکی تورک، دوو حزبی کوردی ...